بەهێی بەردوومانی فڕۆکەکانی ئیسرائیل زیاتر لە 300 هاوڵاتی مەدەنی غەزە گیانیان لەدەستدا



بەهێی بەردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل زیاتر لە 300 هاوڵاتی مەدەنی غەزە گیانیان لەدەستدا.

بەرپرسیانی ئەمنی سەشەممە 18ـی ئادار، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل چەند ناوچەیەکی مەدەنی غەززەیان کردە ئامانج، لەکاتێ ئاوەشدا چەند سەرکردەیەکی حەماس کردە ئامانج و بەپێی راگەیاندراوەکی حەماس لە هەرشەکەدا 5 سەرکردەی بااڵی بزووتنەوەکە کوژران کە پێکهاتوون لە
(ئەبو عوبەیدە جەماس، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، عیسام دەعالیس ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لیوا مەحموود ئەبو تەفە، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی کەرتی غەزە، عەمید بەهجەت ئەبو سولتان بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆی کەرتی غەزە، ئەبو عومەر حەتە بریکاری وەزارەتی داد لە کەرتی غەزە).
کاتژمێر 2:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، دانیشتوانی کەرتی غەزە بە دەنگی بۆمب و تەقینەوە لەخەو هەستان، هەرشی زەمینی و ئاسمانی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە تەنیا لەماوەی چوار کاتژمێردا زیاتر لە 315 کوژراو و سەدان بریندارەی مەدەنی و ونبووی لێکەوتەوە.